# ئاستی بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتیی ڕۆژنامەنووسان لە خستنەڕووی پەیامە میدیاییەکان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان

لانە دیار حسن[1]، پ.ی.د.سامان جەلال مەولود[2]

[1] بەشی تەکنیکی ڕاگەیاندن/ کۆلێژی تەکنیکی کارگێری هەولێر/ زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر – هەرێمی کوردستان، عیراق

2 بەشی ڕاگەیاندن/ کۆلێژی ئاداب/ زانکۆی سەڵاحەدین هەولێر –هەرێمی کوردستان، عێراق

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی **(ئاستی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووسان لە خستنەڕووی پەیامە میدیاییەکان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا)**، ئەم توێژینەوەیە لە جۆری توێژینەوەی وەسفییە کە لەگەڵ شێوازی توێژینەوەکە گونجاوە. بە مەبەستی بەدەستهێنانی داتا و زانیاری ورد و دروست، توێژەر پشتی بە ڕێبازی ڕووپێوی بەستووە، مشتەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە (200 ) ڕۆژنامەنووسانی نێو کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، کە بە شێوەی ناهەڕەمەکی مەبەستدار هەڵبژێردراون. ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی هۆکارەکانی پابەند نەبوونی ڕۆژنامەنووسان بە بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی و دەرخستنی ئاستی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتییان لە خستنەڕووی پەیامە میدیاییەکان. گرینگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە دەیەوێت گرنگی و لێکەوتەکانی ڕەچاوکردنی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی بۆ ڕۆژنامەنووسان و کەناڵە ئاسمانییەکان بخاتە ڕوو. هەروەها هەوڵدەدات بزانێت هۆکارەکانی ڕەچاونەکردنی بەرپرسیاریەتی لەلایەن ڕۆژنامەنووسان بۆ چی دەگەڕێتەوە.

ئەم توێژینەوەیە گەیشتووە بە چەندین دەرئەنجام لەوانە: ڕەچاوکردنی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لەلایەن ڕۆژنامەنووسانەوە ڕێژەییە، واتە بەشێک لە ڕۆژنامەنووسان ڕەچاوی بنەمای بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی دەکەن لەکاتی ئاراستەکردنی پەیامە میدیاییەکان بۆ جەماوەر، لەهەمانکاتدا بەشێکیان بەرپرسیاریەتیەکەیان لە ئاستێکی لاوازدایە واتە وەک پێویست ڕەچاوی ئەم بنەمایە ناکەن. لە کۆمەڵگەی کوردی بەهۆی کەمی ئاستی هۆشیاری بەشێک لە تاکەکانی و حەزکردنیان بە گەورەکردنی کێشەکان و قوڵکردنەوەی لایەنی نەرێنی بابەتەکان، بوونەتە هۆی هاندان بۆ کەمتەرخەمی لە ڕەچاوکردنی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لای بەشێک لە ڕۆژنامەنووسان.

## پێشەکی

پیشەی ڕۆژنامەنووسی پیشەیەکی جوان و پیرۆزە، وەک هەر پیشەیەکی تر ئەرک و بەرپرسیاریەتی خۆی هەیە، چونکە ئەرکی ڕۆژنامەنووس گەیاندنی پەیام و ڕاستیەکانە بە تاکەکانی کۆمەڵگەکەی، کە ئەمەش پێویستی بە بەرپرسیاریەتی و کۆمەڵێک بنەمای ئەخلاقی ئاراستەی بیرکردنەوەی تاکەکان و بڕیاردانیان بۆ بابەتەکان هەیە. ڕاستە هەموو ڕۆژنامەنووسێک بۆ بەڕێکردنی کاری ڕۆژانەی کە پیشەی ڕۆژنامەنووسییە پێویستی بە ئازادی کارکردن و ئازادی ڕادەربڕین هەیە، بەڵام ئەم ئازادیە پێویستە لە چوارچێوەی بەرپرساریەتی کۆمەڵایەتی دا بێت و ڕۆژنامەنووسان مامەڵەیەکی درووست بکەن لەگەڵ ئەو ئازادییە و نەبێتە هۆکاری کاریگەری خراپ لەسەر کۆمەڵگە. بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی پێویستییەکی بنەڕەتی و بنەمایەکی گرنگە کە ڕۆژنامەنووسان و دەزگا ڕاگەیاندنەکان پابەند دەبن پێیەوە بۆ ئەوەی متمانە و ڕاستگۆیی لە نێوان خۆیان و جەماوەرەکانیان دروست بکەن. ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە پەیامی میدیایی بەرپرسیاریەتییەکی گەورەی کۆمەڵایەتییە کە لە پلەی یەکەمدا دەکەوێتە سەر شانی ڕۆژنامەنووس لە ڕێگەی هۆشیاری و ویژدانی پیشەیی و ڕۆڵی ئەرێنی بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری سیاسی و کەلتووری لەناو کۆمەڵگەکەیدا و کارکردن بۆ پەرەپێدانی بەها ئەخلاقییەکان تیایدا. بۆیە پێویستە لەسەر کەسی ڕۆژنامەنووس بە ئەمانەتەوە پەیام و زانیاریەکان بگەیەنێت بە جەماوەر.

مجلّة پۆلیتكنیك للعلوم الإنسانیة والإجتماعیة
المجلد 4 ، العدد 2، (2023)
أُستلم البحث في 12 اكتوبر 2022؛ قُبل في 18 ديسمبر 2022
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 17 اغسطس 2023
حقوق الطبع والنشر © 2023 لانة،د.سامان. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

چەمکی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لە ئێستادا لە جیهان لە هەموو بوارەکان گرینگیەکی زۆری پێدەدرێت بە تایبەتی لە بواری ڕاگەیاندن، وەک بنەمایەکی گرینگی ئەخلاقی و ئیتیکی بۆ پیشەی ڕۆژنامەنووسی دادەنرێت لەپێناو پاراستن و بەرژەوەندی کۆمەڵگە، بۆ ئەوەی لەو چوارچێوەیەدا ڕۆژنامەنووسان کارەکانیان ئەنجام بدەن. بەڵام لە ڕاگەیاندنی کوردی نەتوانراوە وەک پێویست گرینگی بەم چەمکە بدرێت و ئاشنا بکرێت بە هەموو ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە لە کەناڵە ئاسمانیيە کوردیەکان کاردەکەن. گرینگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە خزمەت بە ڕۆژنامەنووسان و کەناڵە ئاسمانیيە کوردییەکان دەکات، کە پابەند بن بە بنەمای بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی، هەروەها گرنگی و لێکەوتەکانی ڕەچاوکردنی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی بۆ ڕۆژنامەنووسان و کەناڵە ئاسمانییەکان بخاتە ڕوو.

ئەم توێژینەوەیە لە جۆری وەسفییە و میتۆدی ڕووپێوی بەکارهاتووە، کە خۆی دەبینێتەوە لە ئامرازی فۆرمی ڕاپرسی. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە میدیاکارانی نێو کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانە و سامپڵی توێژینەوەکە (200) ڕۆژنامەنووسە.

- ئەم توێژینەوەیە بەسەر چوار بەشی سەرەکیدا دابەش کراوە: بەشی یەکەم: بریتییە لە ڕێبازنامەی توێژینەوەکە، بەشی دووەم: باس لە بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی و ڕۆژنامەنووس دەکات بەشی سێیەم: باس لە پەیامی میدیایی و کەناڵە ئاسمانییەکان دەکات، بەشی چوارەم: تایبەتە بە پراکتیکنامەی توێژینەوەکە، لەکۆتاییدا گەیشتووە بە چەندین دەرئەنجام لەوانە: ئاستی پابەندبوونی ڕۆژنامەنووس بە بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لاوازە و لە ئاستێکی پێویست دا نییە، یەکێک لە هۆکارەکانی پابەندبوونی ڕۆژنامەنووسان بە بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی بریتییە لەو بارودۆخە نالەبارە و ناکۆکییە سیاسییەی کە ئێستا هەرێمی کوردستانی گرتۆتەوە.

## بەشی یەکەم: ڕێبازنامەی توێژینەوەکە:

### 1. کێشەی توێژینەوەکە:

کێشەی ئەم توێژینەوە بریتییە لە دەرخستنی (ئاستی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووسان لە خستنەڕووی پەیامە میدیاییەکان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا)

### 2. پرسیارەکانی توێژینەوەکە:

1. هۆکارەکانی ڕەچاونەکردنی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لەلایەن ڕۆژنامەنووسان بۆ چی دەگەڕێتەوە؟
2. لێکەوتەکانی ڕەچاوکردنی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لە لایەن ڕۆژنامەنووسانەوە چین؟
3. ئایا ئاستی هۆشیاری تاکەکانی کۆمەڵگە کاریگەری لە ڕەچاوکردنی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لەلایەن ڕۆژنامەنووسانەوە هەیە؟

### 3. ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

1. دەرخستنی ئاستی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووسان لە خستنەڕووی پەیامە میدیاییەکان.
2. زانینی هۆکارەکانی پابەند نەبوونی ڕۆژنامەنووسان بە بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی.

### 4. گرنگی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا گرینگە بۆ ڕۆژنامەنووسان و کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی هەست بە بەرپرسیاریەتی بکەن لەبەرامبەر تاکەکانی کۆمەڵگە و بەناوی ئازادی ڕادەربڕین نەبنە هۆی کێشە، بەڵکو بە بەرپرسیاریەتی و زۆر بەئاگاییەوە مامەڵە لەگەڵ زانیاری و داتاکان و گوێزانەوەی هەواڵ و دیمەنەکان بکەن، تاوەکو نەبێتە هۆی تێکدان و شێواندنی کۆمەڵگە و زیادکردنی کێشە و قەیرانەکان بەتایبەتی کێشە کۆمەڵایەتییەکان.

### 5. جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لە جۆری توێژینەوەی وەسفییە، بۆ گەیشتن بە داتا و زانیارییەکانیش میتۆدی ڕووپێوی بەکارهاتووە.

### کۆمەڵی توێژینەوە:

بریتییە لە ڕۆژنامەنووسانی نێو کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە هەرسێ پارێزگاکانی هەولێر، دهۆک، سلێمانی لە هەرێمی کوردستان.

### 6. مشتەی توێژینەوەکە:

سامپڵی توێژینەوە بریتییە کە (200) ڕۆژنامەنووسانی نێو کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستاندا.

### 7. ئامرازی توێژینەوەکە:

**فۆرمی ڕاپرسی:** دوای وردبینیکردن لەلایەن پسپۆرانەوە ، بەشێوەی فۆرمی ئەلیکترۆنی و دانەدەستی ڕاستەوخۆ دابەشی سەر نموونەی توێژینەوەکە کراوە، کە ژمارەیان (200) میدیاکارە، لەماوەی نێوان(2022/6/11) تاکو(2022/7/23).

### 8. پێوەری ڕاستیی ڕواڵەتی:

توێژەر بۆ دەرهێنانی پێوەری ڕاستی پشتی بە (9) پسپۆری ئەکادیمی و شارەزا لە بوارەکانی (ڕاگەیاندن، ئامار) بەستووە دوای هەڵسەنگاندنی شارەزایان دەرکەوت ڕێژەی ڕاستیی و ڕواڵەتی بریتییە لە (91%) . ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزی ڕاستی فۆرمەکە دەردەخات.

### دیاریکردنی چەمک و زاراوەکانی توێژینەوەکە:

**بەرپرسیاریتی کۆمەڵایەتی:** پرسێکی ئەخلاقی و ئینسانی و مرۆیی و سایکۆلۆژیە. هەستکردنی تاك یان دەزگا یاخود هەر لایەنێکی دیکەی کۆمەڵگەیە بە بەرپرسیاریتی بەرامبەر بە خۆیان و دەوروبەریان.

**ڕۆژنامەنووس:** ئەو کەسەیە کە هەڵدەستێت بە کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ڕووداوە گرینگەکان و ئەو کێشانەی کە ڕۆژانە لە کۆمەڵگا ڕوو دەدات، دواتر لەشێوەی

ڕاپۆرت یاخود هەواڵ لەڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی وەک (تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، ڕۆژنامە) دەیگوازێتەوە بۆ وەرگر.

**پەیامی میدیایی:** ئەو زانیارییە کە لە سەرچاوەیەکەوە دەنێردرێت بۆ وەرگرێک. کە مانای گەیاندنی زانیارییەکی دیاریکراوە بە شێوەیەکی دیاریکراو. پەیامە میدیاییەکان لەلایەن کەسێکەوە لەڕێگای کەناڵێک یان ئامرازێکی دیاریکراوەوە دەگوازرێتەوە بۆ تاک و کۆمەگا. بەواتایەکی تر گەیاندنی بیرۆکەیەکی دیاریکراوە لە کەسانێکی دیاریکراو و لە کاتێکی دیاریکراودا.

**کەناڵە ئاسمانییەکان:** جۆرێکن لە پلاتفۆرمی ڕاگەیاندن کە لە کۆتاییەکانی سەدەی ڕابردوودا سەری هەڵدا، بەمەبەستی دابینکردنی ناوەڕۆکی میدیایی لە بوارە جیاجیاکاندا، کە لە ڕێگەی مانگی دەستکردەوە ئاراستەی جەماوەرێکی نادیار دەکرێت.

## 9. تیۆری تایبەت بە توێژینەوە:

### -تیۆری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی

### سەرهەڵدانی تیۆری بەرپرساریەتی کۆمەڵایەتی

تیۆری بەرپرساریەتی کۆمەڵایەتی یەکێکە لە تیۆرە گرینگەکانی ڕاگەیاندن. ئەم تیۆرە بیرو باوەڕێکی نوێ بوو بۆ ڕاگەیاندن کە لە ساڵی ١٩٤٧ لە دەرئەنجامی ئەو کەموکوری و ئازادییە ڕەهایەی تیۆری لیبرالیزم هاتە ئاراوە. تاوەکو میدیا بخاتە سەر ڕێگایەکی ڕاست و دروست، لەو کێشانەی کە هەیە دووری بخاتەوە. لە هەمان کاتدا بەرپرسیاریەتی بەرامبەر کۆمەڵگە بگرێتە بەر. لە دوای جەنگی جیهانی دووەم لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ''ئازادی ڕۆژنامەگەری'' لێژنەیەک لە دوازدە پرۆفیسۆری ئەکادیمی پێکهات، بۆ پێداچوونەوە بە تیۆری لیبرالیزم (MCQUAIL. 2010, 147).

کاتێک توێژینەوەیەکی ئەمریکی لە گۆڤاری تایم و دەزگای زانیاری بەریتانیا بڵاو کرایەوە، توێژینەوەکە بە ناونیشانی "ڕۆژنامەگەری ئازاد و بەرپرس"، دواتر توێژینەوەیەکی تر بەناوی ڕۆژنامەگەری ئازاد " بڵاوکرایەوە. لیژنەکە دانی بەوە دانا ناکرێت ئازادی ڕۆژنامەگەری لەسەر ڕۆژنامەگەری زەرد بە بەردەوامی بمێنێتەوە، بەرپرسیاریەتی دەبێت دیاری بکرێت لەلایەن کۆمەڵگە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ڕۆژنامەنووسێک بیرۆکە و بەها و ڕەوشتی هەیە و نابێت ئازادی ڕەهای خۆی لە خراپ بەکارهێنانی کۆمەڵگە بەکاربهێنێت. لیژنەکە داوای دامەزراندنی ئەنجومەنی ڕۆژنامەوانی کرد، کە لە ڕۆژنامەنووسان پێکهاتبوو. هەروەها بیرۆکەکانی جۆن میلتۆن و جێفەرسۆن بەشداریان کرد لە دەرکەوتنی چەمکی ڕەوشتی ڕۆژنامەوانی لە سەدەی بیستەم لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەو بۆچوونانەی کە بە یەکێک لە گرنگترین بنەماکانی تیۆری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لە ئەمریکا دادەنرێت لە ساڵی 1948، کە پابەندبوونی ڕۆژنامەنووسان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە کۆمەڵێک پێوەری پیشەیی دەگرێتەوە (خوالدە 2021، 11-12)

### ئامانجی تیۆری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی

1- تیۆری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی کار بۆ ئاراستەکردنی ڕۆژنامەنووسان و ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەری دەکات، بۆ ئەوەی ئەرکەکانی خۆیان بە ئەنجام بگەیەنن، وەکو (تاوتوێکردنی پرسە گشتییەکان کە لە بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگەدایە، هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە بە ئامانجی گەشەکردنی کۆمەڵگە، خزمەتکردنی سیستەمی ئابووری وڵات، ئاراستەکردنی ڕەخنە بۆ هەر کەموکوڕییەکبلە هەر چالاکییەک لەنێو کۆمەڵگەدا، پاراستنی ئازادیی تاکەکەسی و ڕۆشەنبیرکردنی جەماوەر (Poter 2006, 9).

2- یارمەتیدان لە دیاریکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، پێویستە ڕاگەیاندن دەنگی خۆی بۆ کێشە کۆمەڵایەتییەکان بەرز بکاتەوە، تاکەکانی کۆمەڵگە سەبارەت بەو کێشانە هۆشیار بکاتەوە، لە پێناو باشترکردنی سێکتەری کۆمەڵایەتی (محمد 2022، 81) .

3- نابێت کارکردنی میدیایی یان پەیوەندییە گشتییەکان، یان کۆمپانیاکان تەنها ئامانجیان قازانج گەیاندن بێت بە خاوەنەکان و بەشداربووەکان، بەڵکوو پێویستە هەموو لایەنە ئیتیکییەکان لە پەیڕەوکردنی کارەکانیاندا بەکار بهێنن (یوسف و الحداد 2017، 45) .

4- پێویستە هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسان خۆیان لە هەر بڵاوکراوەیەک کە هاندان بۆ تاوان و توندوتیژی و گرژی و ئاژاوەگێری کۆمەڵایەتی لەخۆ دەگرێت بپارێزن (العمري 2014، 12).

5- تیۆری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی داوای پابەندبوونی ڕۆژنامەنووسان بە چەندین بەها دەکات، کە گرینگترینیان ئەمانەن: ڕاستگۆیی، بابەتیبوون، وردبینی، هاوسەنگی، دادپەروەری، پاراستنی ڕۆشەنبیری کۆمەڵگە (Ravi 2012, 307).

### گرینگی تیۆری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لە ڕاگەیاندندا

تیۆری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لە ڕاگەیاندندا ئامانجی باسکردنی بنەماکانی ڕەوشتی میدیایی بو لەناو ڕاگەیاندنەکانداو ڕێکخستنی ئازادی ڕادەربڕین و بەرپرساریەتی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵدا، جەختکردنەوە لە پابەندی بەرامبەر بە کۆمەڵ، کە خۆی لە ئاستەکانی پیشەی ڕۆژنامەوانی لە ڕاستگۆیی و بابەتیبوون و هاوسەنگی لە ڕاگەیاندندا دەبینێتەوە، بە تایبەتی لە کاتی باسکردن و ڕوماڵکردنی بابەتەکانی تاوان، توندوتیژی و پشێوی کە لەناو کۆمەڵدا ڕوو دەدەن، ئەمەش دوای ئەوە بوو کە تیۆری ئازادی ڕووبەڕووی ڕەخنەو تێبینیەکی زۆر بوەوە، بۆ ئەمەش پێویست بوو تیۆرێکی تر سەرهەڵبدات بەتایبەتی لە دوای جەنگی جیهانی دووەم، ئەو تیۆرەش بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی بوو لەناو ڕاگەیاندندندا، بۆ ئەوەی ئازادی لەناو میدیادا بە بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتییەوە بەردەوام و فەراهەم بێت. ئەمەش دەرکەوتنی کۆمەڵێک بنەما و یاسا و ڕێکاری جۆراوجۆری لێکەوتەوە لە چاودێریکردنی پیشەی ڕاگەیاندندا، لەتەنیشت ئەو ئازادییەی کە بەردەوام بۆ ڕاگەیاندن و ڕاگەیاندنکاران باس دەکرێت، تا بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی بتوانێت پیشە و ڕەوشتی میدیایی بەجۆرێک ڕێک بخات کە نەبێتە هۆی تێکدانی کۆمەڵ. هەڵگرانی باوەڕی

بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لەناو ڕاگەیاندندا باوەڕی تەواویان بە ئازادی لە ڕاگەیاندندا هەیە، بەڵام بە هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتییەوە، چونکە پێیان وایە ئازادی ماف و ئەرک لەهەمان کاتدا بەرپرسیاریەتیشە. ئامانجی سەرەکی ئەم تیۆرە کە ئاست و پێگەی ڕاگەیاندن لە بەردەم ڕای گشتیی و کۆمەڵدا بەرز بکاتەوە لەساتی خستنەڕووی هەر بابەتێکدا بۆ ئەوەی وردی و هەستیاری و ڕاستگۆیی تێدا بەهێند وەربگیری (حسێن 2020، 40-41)

.بەشێوەیەکی گشتی ئەم تیۆرە تەرکیز دەخاتە سەر ڕەوشت و ئەخلاقی ڕۆژنامەنووسان کە دەبێت لەسەر بنەمای خۆڕێکخستن قبوڵکراو بێت لەلایەن کۆمەڵگاوە. بەڵام ئەگەر بێت و ڕۆژنامەنووسان خۆبەخشانە ئەو کارە نەکەن، ئەو کات دەبێت پێکهاتە کۆمەڵایەتییە دیاریکراوەکان پێکبهێنرێن، بۆ ئەوەی بەپێی ستانداردە کۆمەڵایەتییە ناسراوەکان ڕۆژنامەنوسان یاخود میدیاکاران هەڵسوکەوت بکەن. گریمانە بنچینەییەکانی تیۆری بەرپرسیاریێتی کۆمەڵایەتی ڕاگەیاندن ئەو ڕاستییە لە خۆ دەگرن کە ڕاگەیاندن دەبێت پابەند بێت بە داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و ڕێز لە بەها پیرۆزیەکانی کۆمەڵگا بگرێت. خاوەنداریێتی ڕاگەیاندن متمانەیەکی گشتیە، بۆیە دەبێت دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕاستگۆ و ڕاست و دادپەروەرانە و بابەتی بن لە گواستنەوەی پەیامەکان بۆ کۆمەڵگا. ڕاگەیاندن دەبێت ئازاد بێت بەڵام پێویستە ڕێز لەو ئازادیە بگیرێت و بەخراپ بەکاری نەهێنن، بەڵکو ڕاگەیاندنکاران چوارچێوەیەک بۆ خۆیان دابنێن و پەیڕەوی ئەخلاق و ڕەفتاری پیشەیی بکەن (Ineji, Nkanu and Okoi 2019, 244-246).

**ڕۆژنامەنووسان و تیۆری بەرپرساریەتی کۆمەڵایەتی**

لە تیۆری لیبرالیزمدا ماف بە ڕۆژنامەنووسان دەدرا ئازادی خراپ بەکار بهێنن، بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانیان، چونکە ئازادیەکە، ئازادییەکی ڕەها بوو. ئەمە وای کرد کۆمەڵێک ڕاسپاردە لە لێژنەی ئازادی ڕۆژنامەنووسی سەبارەت بەم ئازادیە ڕەهایە دەربچێت. ئەمە سەرەتایەک بوو بۆ تیۆری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی، کە دواتر لەلایەن چەند پرۆفیسۆرێکی ئەکادیمی زیاتر پەرەی پێدرا (حسن، 2012، 73).

تیۆری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی ڕاستیەکی پیشەیی هاوچەرخی لە چەمکی ئازادی ڕاگەیاندن سەپاند، ئەوە دوای ئەوەی کە کردارەکان دەریانخست کە ئەو ئازادییەی کە بە بەرپرسیارێتییەوە نەبەستراوەتەوە و پەیوەست نەبووە، بووەتە هۆی ئاژاوەگێری لە کۆمەڵگەکان، بۆیە نابێت ئازادی ڕۆژنامەگەری بەسەر ئازادییەکانی تر و بەهاکانی کۆمەڵگە زاڵ بێت (بوتر 2006، 58).

ئەم تیۆرە پێیوایە کە ڕۆژنامەنووسان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەبەردەم کۆمەڵگە بەرپرسیارن لەو بابەت و شتانەی کە بڵاوی دەکەنەوە. بەمانایەکی تر دۆزینەوەی هاوسەنگی لەنێوان ئازادی و بەرپرسیاریەتیدا. لایەنگرانی ئەم تیۆرە پێیان وایە کە ئازادی ڕەها لە کاری ڕاگەیاندن کارێکی نارەوایە، چونکە ڕاگەیاندنیش وەک هەر پیشەیەکی تر بنەما و پێوەر و ئیتیکی تایبەت بەخۆی هەیە. بۆیە نابێت میدیاکاران بە ناوی ئازادی ڕادەربڕین سنوری بەرپرسیاریەتی ببەزێنن. بەڵکو دەبێت سنورێکی دیاریکراو هەبێت کە میدیاکاران بۆخۆیان دابنێن. ڕاوبیروبۆچوونی ئەم تیۆرە لەوە سەرچاوەی گرتووە کە هەرچەندە ڕاگەیاندن ئازاد بێت و دوور بێت لە هەر دەستێوەردانێکی حکومەت، بەڵام لەهەمان کاتدا دەبێت چوارچێوەیەک هەبێت بۆ کۆنترۆڵکردنی کاری ڕاگەیاندن و خاوەن دەزگا و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، بۆئەوەی لەو چوارچێوەیە کارەکانی خۆیان ئەنجام بدەن (Ineji, Nkanu and Okoi 2019, 244-246)

## بەشی دووەم

## تیۆرینامەی توێژینەوەکە

### تەوەری یەکەم: بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی

### 1- چەمک و پێناسەی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی

چەمکی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوودا گەشەی بەرچاوی بەخۆوە بینیووە تا ئەو کاتەی بووە بە سەرەکیترین شێواز لە گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی بەردەوامدا، هەروەها مەوداکەی فراوانتر بووە تاوەکو زیاتر چالاکی بەرهەمهێنان بگرێتەوە (الشمري ،2014, 99).

ەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لەڕووی زمانەوانییەوە بەکارهێنانی لەناو زمانە جیاوازەکاندا جۆراوجۆرە. لەزمانی فەرەنسیدا چەمکی (Responsabilité sociale ) بە پێی فەرهەنگی بەناوبانگی فەرەنسی (Robert Le) ئاماژەیە بۆ سێ ئاست: لەیەکەمدا مانای ئەرک و پاندی دەگەیەنێت. لە دووەمدا: مانای پۆست و پلەو ئەرکداری دەگەیەنێت. لە سێیەمدا: مانای هەڵەو لێکەوتەکانی دەگەیەنێت (محمد و مختارية ،2019، 9-8).

جۆزێف تۆرۆ (Joseph Turow) پرۆفیسۆر لە سیستەمی میدیایی و پەیوەندییەکان پێی وایە پێناسەی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لە کەلتوورێک بۆ کەلتوورێکی تر جیاوازە، لەناو خودی کۆمەڵگەکانیش دەگۆڕێت. بیرۆکەی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی بریتییە لە بەدیهێنانی هاوسەنگی لە نێوان پێویستی و مافی تاکەکان، دامو دەزگاکانی ڕاگەیاندن و کۆمەڵگە بەگشتی (Turow 2011, 74).

بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی ئەرکی تاکە کەسە بەرامبەر بە خۆی و بەرپرسیاریەتی بەرامبەر بە بنەماڵەکەی و هاوڕێکانی و ئاینەکەی و وڵاتەکەی لە ڕێگەی تێگەیشتنی لە ڕۆڵی خۆی لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی، هەروەها بەرژەوەندی خۆی بۆ کەسانی تر لەڕێگەی پەیوەندییە ئەرێنییەکانی و بەشداریکردنی لەچارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگە و بەدیهێنانی ئامانجە گشتییەکاندا (قاسم ،2008, 8).

(Drucker) نووسەرێکی نەمساوی-ئەمەریکییە لەساڵی 1977 لەباسی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی دا دەڵێت: پابەندبوونی تاکە یان دەزگا و ڕێکخراوە بەرامبەر بەو کۆمەڵگەیەی کە کاری تیادا دەکات، ئەم پابەندبوونە لەگەڵ فراوانبوونی بەشە پەیوەندیدارەکان لە کۆمەڵگە و ئاراستە جیاوازەکانیان بەرفراوانتر دەبێت (الخفاجي و الغالبي ،2008, 289).

## 2. بەشەکانی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی

بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی دابەش کراوە بۆ چەندین بەشێک (صلیبا ،2008، 37).

**بەرپرسیاریەتی مەدەنی:** ئەو جۆرەیە کە تاوانبار ناچار دەکات بە قەرەبوو کردنەوە بۆ ئەو کەسەی کە زیانی پێگەیاندووە، ئەگەر زیان گەیاندنەکە بە ئارەزووی خۆی یان کەمتەرخەمی یان سەرشێتی بووبێت. خراپی ئەم جۆرە بەرپرسیاریەتیە ئەوەیە کە کەسێک بەرپرسە لە کرداری ئەو کەسانەی کە لەژێر چاودێری ئەون، بۆ نموونە ؛ بەرپرسیاریەتی باوک بۆ منداڵەکەی ، بەرپرسیاریەتی مامۆستا بۆ قوتابیەکانی.

**بەرپرسیاریەتی تاوانی:** ئەو بەرپرسیاریەتییەیە کە دەکەوێتە ئەستۆی کەسێک کە سەرپێچی یان تاوانێک ئەنجام دەدات. ئەم بەرپرسیاریەتییە پەیوەندیەکی نزیکی هەیە لەگەڵ بەرپرسیاریەتی ڕەوشتی، چونکە ناکرێت کەسێک سزا بدرێت بۆ تاوانێک کە ئەنجامی داوە مەگەر بە ئاگاداری و بەمەبەست یاخود بە ئارەزووی خۆی ئەنجامی دابێت، زۆرجار پێکبەستنێکی ڕاستی هەیە لە نێوان بەرپرسیاریەتی مەدەنی و بەرپرسیاریەتی تاوانی، بۆ نموونە بەرپرسیاریەتی شۆفێرێک، بە قەرەبوو کردنەوەی ئەو زیانانەی کە بە کەسانی دیکەی دەگەیەنێت و بەرپرسیاریەتی تاوانی ناچاری دەکات کە یەکێک لەو سزایانە هەڵبگرێت کە لە یاسادا دانراوە.

**بەرپرسیاریەتی ئەخڵاقی** :ئەو بەرپرسیاریەتییەیە کە لە پابەندبوونی یاسای ئەخلاقییەوە سەرهەڵدەدات، لەو ڕاستیەی کە بکەر ئیرادەی ئازادی هەیە، ئەوە بەو مانایەیە کە ئەو بکەرە کردەوەکانی پێویستن، هەر شتێک لە هۆکاری سروشتییەوە سەرهەڵبدات یاخود بە ئیرادە و ئارەزووی کەسانی دیکەوە بووبێت، لە ڕووی ئەخلاقییەوە بە بەرپرسیار نازانرێت. ئەو بەرپرسیاریەتییە پلەی جیاوازی هەیە، باڵاترینیان بەرپرسیاریەتی بکەرێکی هۆشیارە کە بە ئارەزوو و ئیرادەی خۆی کردارەکانی بە تەواوی ئازادیەوە ئەنجام دەدات، نزمترینیان بەرپرسیاریەتی ئەو بکەرەیە کە سۆز زاڵە بەسەر دڵی، تێگەیشتنی کوێر دەکات و بەدووری دەگرێت لە بینینی ڕاستیەکان.

## 3. بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لە ڕوانگەی زانستی ڕاگەیاندنەوە بۆ ڕۆژنامەنووس

ڕاو بۆچوونەکان جیاوازن دەربارەی چەمکی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی بۆ ڕۆژنامەنووسان، هەر توێژەرەو بەپێی بۆچوونی خۆی ئاماژەی بەم چەمکە بۆ ڕۆژنامەنووسان کردووە:

بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووس:"بایەخدانە بە بەرژەوەندی گشتی یان گرنگیدانە بە پێداویستیەکانی کۆمەڵگە و کارکردن لەپێناو دڵخۆشکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە لە ڕێگەی ڕەچاوکردنی خەسڵەتەکانی ڕاگەیاندن بە ڕێزگرتن لە بیرو ڕاو بۆچوون و ڕاستی و دروستی و دادپەروەری، لەگەڵ ڕەچاوکردنی لایەنە ئەخلاقییەکان و بەها کۆمەڵایەتییەکان (حجاب،2010، 46).

هەندێکی تر وەک ئەو ئەرکانە دیاری دەکەن کە پێویستە ڕۆژنامەنووس و دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە بواری جۆراوجۆری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا لەبەردەم کۆمەڵگەدا ئەنجامی بدەن، هەروەها پابەندبوونێکە لەلایەن ڕۆژنامەنووسان و میدیاکانەوە بە کۆمەڵێک پەیمانی ئەخلاقی کە ئامانج لێی چەسپاندنی هاوسەنگییە لە نێوان ئازادی تاک و بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵگە (الثوابتة ،2013، 4).

سید عسمان دکتۆر لەبواری دەروونناسی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووس بە بەرپرسیارێتی تاکەکەسی بۆ کۆمەڵگە پێناسە دەکات و دەڵێت: کە بەرپرسیارێتی تاکەکەسی ئەرکی تاکە پێش خۆی بۆ ئەو کۆمەڵگەیەی کە هییەتی یان ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژی، واتە بەرپرسیارێتییەکی خودیی و بەرپرسیارێتییەکی ئەخلاقییە، بەرپرسیاریەتییەکە کە چاودێری و لێپرسینەوەی خودی تێدایە، هەروەها ئەخلاقێکە کە پێویستە تاک لە نێو خودی خۆیدا پابەندبێت پێوەی، هەرچۆنێک بێت پابەندی خودی کرداری سروشتێکی کۆمەڵایەتی، یان لە ژێر کاریگەری کۆمەڵایەتیدا زاڵە (أ. عثمان ،2010، 43) .

### تەوەری دووەم: ئەرک و بەرپرسیاریەتی ڕۆژنامەنووسان

**1 - ڕۆژنامەنووس**

ڕۆژنامەنووس بریتییە لەو کەسەی کە کاری ڕۆژنامەگەری دەکات، کارەکانی بریتییە لە کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ڕووداوەکان و ئاراستەکان و کێشەکانی خەڵک، چونکە پیشەی ڕۆژنامەنووس ئەوەیە کە ڕاپۆرت ئامادە بکات و لە میدیا جۆراوجۆرەکانی وەک ڕۆژنامە و تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ و بوارەکانی تر بڵاویان بکاتەوە. کاتێک ڕۆژنامەنووسێک ئیشی خۆی دەکات چەندین وێنەی ڕووداو و کەسایەتیەکانی پەیوەندیدار بەو هەواڵانەی ئاراستەی ڕای گشتی دەکات دەگیرێت و بڵاو دەکاتەوە (خصاونة ،2015، 172).

ڕۆژنامەنووسی پرۆفیشناڵ ئەو کەسایە کە خۆشەویستی و پەرۆشییەکی زۆری هەیە بۆ ناسینەوە و لێکۆڵینەوە و پرسیارکردن لەپێناو دابینکردنی کۆمەڵێک زانیاری کە خەڵک دەتوانێت لەو زانیاریانە تێبگات (جراوند ،2014، 17).

ڕۆژنامەنووس کەسی بەرپرسە لە گەیاندنی زانیاری و هەواڵ و ڕاستییەکان، بە شێوەیەکی هونەری و زانستی کە کاریگەری هەبێت لەسەر جەماوەر (فەرحی 2009، 21).

## 2. ئەرکەکانی ڕۆژنامەنووس لە کۆمەڵگە

ڕۆژنامەنووس کۆمەڵێک ئەرکی گرینگی لە ئەستۆدایە، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی پێویستە ئەم ئەرکانە جێبەجێ بکات. جەلال فەرحی نووسەری مەغریبی لە بواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری لە کتێبەکەی بەناوی (چۆن لە بواری ڕاگەیاندندا سەرکەوتن بەدەست دەهێنیت؟) چەند ئەرکێکی گرینگی بۆ ڕۆژنامەنووسان دیاری کردووە کە بریتین لەمانە (فەرحی 2009، 35-52):

- ❖گەیاندنی هەواڵ و زانیاریەکان بە جەماوەر وەک خۆی و بەبێ دەسکاری و شیواندنی ڕاستییەکان.
- ❖پێویستە ڕۆژنامەنووس ئەو ڕاستییە بزانێت کە پەیامەکانی ئاراستەی سێ توێژ لە جەماوەر دەکات ''جەماوەرێکی ڕۆشنبیر و جەماوەرێکی مامناوەند و

جەماوەرێکی تایبەتمەند''، بۆیە پێویستە پەیامەکانی بە جۆرێک بێت کە هەر سێ توێژەکە بە جوانی لێی تێبگەن.

- ❖ پێویستە جیاوازی لە نێوان هۆشیاری و پەروەردە و رۆشەنبیرکردندا بکات.
- ❖ دەبێ رۆژنامەنووس بەشێوەیەکی بابەتی و واقعی پێداویستییەکانی جەماوەرەکەی جێبەجێ بکات.
- ❖ پێویستە هەمیشە پەیوەندی بە ناوەندەکانی زانیارییەوە هەبێت و بەو پەڕی وردەکارییەوە زانیاری و هەواڵەکان بۆ جەماوەر بگوازێتەوە.
- ❖ دەرفەت رەخساندن بۆ جەماوەر بۆ ئاگاداربوونیان لە سەرجەم لێکۆڵینەوە و توێژینەوە گرینگەکانی پەیوەست بە ژیانی مرۆڤ.
- ❖ رۆژنامەنووس پێویستە سەربەخۆ بێت و بە ئاگا بێت لە کەوتنە ناو ململانێی سیاسی و ئەو ناکۆکییە بچووکانەی کە کاریگەری خراپی لەسەری هەیە و زیانی پێدەگەیەنێت.
- ❖ پێویستە رۆژنامەنووس لەگەڵ پێشکەوتنی بواری زانستدا رێ بکات و بە ئاگا بێت لە دۆزینەوە نوێیەکانی زانست و تەکنەلۆژیای نوێ لە بوارە جیاجیاکاندا.
- ❖ رێزگرتن لە ئازادی و سەربەخۆیی و ئارامی و ئاسایشی گشتی و هەوڵدان بۆپاراستنیان و پێکەوەژیان و ئاشتی، رێزگرتن لە بنەما ئاینی و مەزهەبییەکان، بیروباوەڕکان، داب و نەریتە نەتەوەییەکان، هەروەها رێزگرتن لە ئابرووی تایبەتی کەسەکان و خۆپاراستن لە ناوزراندن و تۆمەتبارکردن و بوختان هەڵبەستن بۆیان.

## 3. گرینگی رەچاوکردنی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵگە لە لایەن رۆژنامەنووس

هەر رۆژنامەوان و نێوەندێکی رۆژنامەگەری لەبەرانبەر پەخش و بڵاوکردنەوکی پەیامەکانیدا بەرپرسیارە، جا ئەو پەیامانە، چ بەشێوکی هەواڵ بن یاخود لەرێی ئەو وێنەو کاریکاتێرو کۆمێنت و راپۆرتانەی لە بارەی رووداو و گۆڕانکاری و پێشهاتەکانەوە و بەشێوازی جیاجیا لەسەر ژیانی گشتی وئاسایی و پیشەیی کەسایەتییەکان دەیانخاتەڕوو. رۆژنامەنووس خاوەن بەرپرسیاریەتییەکی کۆمەڵایەتی و بەرپرسیاریەتییەکی ئەخلاقی مەزنە بەو پێیەی بەرپرسیاریەتی گەیاندنی هەواڵ و زانیاری و رووداوەکانی دەکەوێتە ئەستۆ بەشێوەیەکی بێلایەنە و بێ دەستکاریکردن، ئەو رۆژنامەنووسانەی خۆیان بە نوێنەری خەڵک دەزانن بەڵام پیشەکەیان بۆ بەرژەوەندی تایبەت و خۆپەرستی دەقۆزنەوە و بەکاریدەهێنن، ئەوا متانەی جەماوەر لەدەست دەدەن، ئەوکات ئەو کارەیان رەنگدانەوەی نەرێنی دەبێت لەسەر دیدگای جەماوەر بۆ هەڵسەنگاندنی رووداوەکان. بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی هەستکردنی رۆژنامەنووسە بەو رۆڵە کۆمەڵایەتیەی کە جەماوەر پێی بەخشیووە، کۆمەڵایەتیبوونی رۆژنامەنووسیش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ببێتە وەرگر و گەیەنەرێکی راستگۆ بە ویژدانی داخوازییەکانی کۆمەڵگە بە حکومەت و لایەنی پەیوەندار. (عومەر ،2012، 97-98)

بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی رۆژنامەنووس جەخت لەسەر ئەو ئەرکانە دەکاتەوە کە پێویستە رۆژنامەنووس پابەندبێت لە بەردەم کۆمەڵگە بۆ پاراستنی سەقامگیری کۆمەڵگە لەبوارە جۆراوجۆرەکانی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری و کەلتووری، هەروەها خزمەتکردن بە بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگە وەک: (الموسى ،2014، 86-87)

1. خزمەتکردنی سیستمی سیاسی بەدابینکردنی زانیاری و گفتوگۆکردن لەسەر پرسە گشتییەکان و رێنماییکردنی رای گشتی بۆ بەرێوەبردنی خۆی و پارێزگاریکردن لەمافی تاکەکان.
2. خزمەتکردنی سیستەمی ئابووری لە رێگەی دابینکردنی پلەو پایە و داهاتێکی باش کە ئەمە دەکەوتە سەر ئەو دەزگایەی رۆژنامەنووس کاری تێدا دەکات، هەروەها پاراستنی ئەو پلە و پایە و خۆبەهێزکردن بۆ ئەوەی لە گوشاری بەرژەوەندییە تایبەتەکان رزگاری بێت.
3. ئەرکی رۆشنبیریی بە واتای رەخساندنی دەرفەت بۆ دەربرین و ئاڵوگۆڕی بیرورا بۆ هەمووان.
4. ئەرکی ریکلام و بازاڕگەری و ناساندنی خەڵک بە کاڵا و خزمەتگوزارییەکان.

## بەشی سێیەم: پەیامی میدیایی و کەناڵە ئاسمانییەکان

### تەوەری یەکەم: پەیامی میدیایی

### 1. پەیامی میدیایی

پەیام یەکێکە لەگرنگترین و بەربڵاوترین پیشەی رۆژنامەنووس لە چالاکییە جۆراوجۆرەکانی پەیوەندی میدیایی، هەروەها بەشێکە لە پرۆسەی پەیوەندیکردن کە پێک دێت لە نێرەر، پەیام، کەناڵ یاخود ئامراز، جەماوەر یان وەرگر. بۆیە پێویستە سەرەتا لە میدیا و پەیوەندیەکان تێبگەین و دواتر باس لە پەیامی میدیایی بکەین. (جابر 2014، 15)

پەیام بەشێکە لە پەیوەندیکردن، ئەو پرۆسەیەیە کە بەدەستکەوتنی زانیارییەکی گرینگ لەلایەن نێرەرەوە دەست پێ دەکات و دەگوازرێتەوە بۆ جەماوەر. (الموسوي 2006، 3)

پەیام ئەو زانیاری و بیرو بۆچوونانەیە، کە لەلایەن نێرەر لەرێگەی ئامرازێکەوە دەگوازرێتەوە بۆ وەرگر، واتە ئەو ناوەرۆک و واتایەیە کە نێرەر دەیەوێت بیگوازێتەوە بۆ جەماوەر لە رێگەی کەناڵێکی گەیاندنەوە. (دلیو 2013، 13)

### ئەرکەکانی پەیامی میدیایی

پەیامی میدیایی کۆمەڵێک ئەرکی جۆراو جۆر و جیاوازی هەیە (جابر 2014، 32):

ئەرکی گواستنەوەی هەواڵ: یەکێکە لە ئەرکەکانی پەیامی میدیایی، جا هەواڵەکە چ ناوخۆیی یان هەرێمی یاخود نێودەوڵەتی بێت، لە هەر بوارێک بێت، ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی یان وەرزشی... هتد.

ئەرکی ڕاگەیاندن و پەروەردە: دابینکردنی زانیاری لەبوارە جیاوازەکانی ژیان کە دەبێتە هۆی زیادکردنی زانیاری تاک و ڕۆشەنبیرکردنی کۆمەڵگە، هەروەها پەروەردەکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە و هاندانیان بۆ دۆزینەوەی و بەدەست هێنانی بەهرەی نوێ.

ئەرکی پێکەوە بەستنی نەوەکان و گواستنەوەی کەلەپور: بەستنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی تاکەکانی کۆمەڵگە بە نەوەی داهاتوو، هەروەها گواستنەوەی کەلەپوور و بەها و داب و نەریت و زمانی کۆمەڵگە بۆ نەوەی داهاتوو. پاراستنی پێکەوەیی و یەکڕیزیی و پاراستنی و بیروباوەڕەکان، هەروەها هاندان بۆ ئەوەی ئەندامانی کۆمەڵگە یەکبگرن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی کۆمەڵگە.

ئەرکی تەرفیهی: پێشکەشکردنی بەرنامەی تەرفیهی و دراما و فلم و گۆرانی و میوزیک بەمەبەستی بەسەربردنی کاتێکی خۆش و دڵخۆشکردنی خەڵک، هەروەها ڕزگارکردنی خەڵک لە خەم و پەژارە و ناخۆشیەکان کە لەژیانی ڕۆژانە ڕووبەڕوویان دەبنەوە.

ئەرکی چاودێری: ئەرکی پاراستن و چاودێریکردن و خستنەڕووی کارە خراپەکان و نایاساییەکان، پاراستنی کۆمەڵگە لە گەندەڵی.

ئەرکی ڕیکلام: ڕێکلام و بازاڕگەرمکردن بۆ کاڵا و بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان، هەروەها جوڵاندنی ئابووری و هاندان و چالاک کردنی بازرگانەکان بۆ بەرهەمهێنانی کاڵا و بەرهەمی باشتر.

## 2. بەرپرسیاریەتی ڕۆژنامەنووس بەرامبەر بە کۆمەڵگە لەکاتی گەیاندنی پەیام

بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووس لەوەدایە کە دەبێت بەباشی پابەند بێت بە ئێتیک و ئەخلاقیاتی پیشەکەی لەکاتی گەیاندنی پەیامی میدیایی بۆ جەماوەر، نابێت ئەو بابەتانەی کەبە پێچەوانەی بنەما و ڕێسای کۆمەڵگەن بڵاویان بکاتەوە، بەڵکو پێویستە بەر لە بڵاوکردنەوەی هەر پەیامێک دڵنیابێتەوە لە ڕاستی و دروستی بابەتەکان لە ڕووی بەرپرسیارێتییەوە تاوەکو تووشی لێپێچینەوەی یاسایی نەبێت لە بڵاوکردنەوەی بابەتەکان. (عطية 2016، 168)

بەرپرسیارێتی ڕۆژنامەنووس بەرامبەر بە کۆمەڵگە، زۆر لەوە زیاتر و گەورەترە لەوەی هەندێک لە ڕۆژنامەنووسان تێیگەیشتوون، چونکە ئاشکرایە، بەرپرسیاریەتی ڕاگەیاندن لە کەشوهەوای ئاسایی و ئارام، گران و گەورەیە، لەکاتی ناخۆشی و قەیرانەکان بێگومان زیاتر دەبێ. ڕۆژنامەنووس هیچ پێویست ناکا، هەموو زانیارییەک وەکخۆی بگەیەنێت، چونکە هەموو زانیارییەک شایەنی نووسین و بڵاوکردنەوە نییە، ڕەگەزەکانی هەواڵی تێدا نییە و ناشبێ بڵاوبکرێتەوە. ئەوەی ڕاستیبێ، هەموو هەقیقەتێکیش نابێ بنووسرێ و باسبکرێ. باسنەکردنی هەموو هەقیقەتێک هیچ پەیوەندی بە باش و خراپی حکوومەت و سەرکردەکانی کوردەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە بەرپرسیارێتی پیشەی ڕۆژنامەنووسییەوە هەیە. ئەو تێڕوانینە، لەڕاستیدا، لە مێژووی ڕۆژنامەگەری جیهان، هیچ تازە نییە و ئەم ڕەچێتەیە بۆ کورد نەنووسرایە، لە کاتی قەیران و ناخۆشی، ڕاگەیاندن سنووردار دەکرێ، ئەو سنووردارکردنە بۆ خۆدەرخستن نییە، بەڵکو بۆ پاراستنی کۆمەڵگایە لە هەندێ کارەساتی چاوەڕێ نەکراو (سەپان 2020).

## تەوەری دووەم: کەناڵە ئاسمانییەکان

### 1. کەناڵە ئاسمانییەکان

کەناڵە ئاسمانییەکان ئەو کەناڵانەن کە لە ڕێگەی مانگی دەسکردەوە دەگوازرێنەوە، کە بە دەوری زەویدا دەسوڕێنەوە لە ڕێڕەوی دیاریکراو و ناسراو (النبي 2010، 25).

ئەم سەردەمە بە سەردەمی زانیاری بە هەموو ماناکەیەوە دادەنرێت، ئامرازەکانی گواستنەوەی زانیاری بوونەتە گرنگترین توخم لە دروستکردنی سەردەمی ئێستا، کەناڵەکان بوونە شۆڕشێکی گەورە لە دنیای ئەمڕۆ، لە گواستنەوەی زانیاری و دەنگ و وێنە و هەواڵەکان بۆ جەماوەر. ئەمەش لە جیهانی پەیوەندیدا بازدانێکی گەورەی بۆ مرۆڤایەتی تۆمار کرد و لە ڕێگەی سەرهەڵدانی کەناڵەکانەوە خەونی زۆرێک لە زانایانی بەدەست هێنا وەک زانای بەریتانی ئارثەر کلارک کە لە ساڵی 1945 هۆشداری دا کە " بیرۆکەی کەناڵەکان نوێنەرایەتی سیستەمی دەماری مرۆڤ دەکات." (الخليفة 2020، 88).

پرۆسەی گواستنەوەی تەکنەلۆژیا لە ڕێگەی وێنەی جوڵاوەوە وای کردووە جیهان لە هەسارەوە بگۆڕێت بۆ گوندێک کە تایبەتمەندی و دیمەنی ڕوون و سنووورداری هەیە، تەواوکراوە لەلایەن هێزی وێنەوە بۆ بنیادنانی چەمکێکی نوێ دەربارەی مرۆڤ و واقیعە کۆمەڵایەتیەکەی. وێنەکە لە جیهانی پەیوەندیدا بووە بە تەکنەلۆژیای داهێنان لە ڕووی پیشەسازی و بەرهەمهێنان و ئەرشیف و گواستنەوە و دووبارە بەرهەمهێنانەوە، ئەم وێنەیە کە ملیۆنەها کەسی لەڕێگەی هەستی بینینەوە کۆکردۆتەوە ڕووداوەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە جەماوەر دەگەیەنێت، کە کات و بۆشایی لە ڕێگەی کەناڵە ئاسمانیەکانەوە کەم دەکاتەوە (يحياوي 2018، 53).

## 2. پەیامی میدیایی و کاریگەری کەناڵە ئاسمانییەکان

کەناڵە ئاسمانیەکان یەکێکن لە ئاسانترین و سەرکەوتووترین ئامرازەکانی پەیوەندی کە لەلایەن وڵاتانەوە بەکاردێت بۆ ئاراستەکردنی ڕای گشتی و گەیاندنی پەیام، بەهۆی خێرایی لە بڵاوبوونەوە و کاریگەرییەکەی، هەروەها تایبەتمەندییە هونەری و تەکنیکییەکانی کە جەماوەر چێژی لێوەردەگرێت. جگە لەوە توانای ئاراستەکردنی

هەموو تاکەکانی هەیە لە ڕێگەی پەیامەکانی کە کاریگەریەکی بەرچاوی دەبێت لە گۆڕینی ڕەفتارو هەڵسوکەوتی تاکەکانی کۆمەڵگە (جبار 2010، 39،17).

لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا لە کۆمەڵگەکان کەناڵە ئاسمانییەکان بوونەتە ئامرازێکی کاریگەر لەناو کۆمەڵگە. کاریگەرییەکی بەرچاوی بەتایبەتی لەسەر ژیانی گەنج و خوێندکارانی ئەمڕۆ لە پرۆسەی خوێندن بەگشتی هەیە. ئامانجی کەناڵە ئاسمانییەکان دروستکردنی کاریگەریە لەسەر وەرگرە بەوەی باوەڕی پێ بهێنێت بۆ ئەنجامدانی ئەو ئامانجەی کە کەناڵەکە بەدوایدا دەگەڕێت، هەروەها چەکێکی دووسەرە کە لایەنی ئەرێنی و نەرێنی لەخۆ دەگرێت، واتە سوود و زیانی هەیە لەهەمان کاتدا. بۆیە دەکرێت کاریگەرییە چاوەڕوانکراوەکانی کەناڵەکان دابەش بکرێت بۆ کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی (المبرز 2011، 14).

بڵاوبوونەوەی کەناڵە ئاسمانییەکان لەم ساڵانەی دواییدا ئەم دیاردەیەی کردووەتە دیاردەیەکی گشتی کۆمەڵایەتی. کە بووەتە هۆی ئەوەی زۆرێک لە توێژەران و زانایانی بواری ڕاگەیاندن و کۆمەڵناسی و پەروەردەیی لەو دیاردەیە بکۆڵنەوە کە کاریگەری کۆمەڵایەتی و دەروونی و کلتوری هەیە، هەروەها ئەم کاریگەرییانە لە بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی بینەراندا بەرامبەر بە ڕووماڵکردن و ناوەڕۆکی پەیامی میدیایی کە لەم کەناڵانەدا دابینکراون و سروشتی ئەو ڕۆڵەی کە لە شێوازی هەڵویستەکانیاندا دەیانگێڕن دەکۆڵنەوە (بشیر 2014، 31).

لەبەر ڕۆشنایی پەرەسەندنە مەزنەکەی تەکنەلۆژیا و سەرهەڵدانی کەناڵە ئاسمانییەکان، خەڵک لە هەموو شوێنێک پەیام و زانیاری وەردەگرن کە لە هەموو ساتێکدا کاریگەری پەیامە میدیاییەکانیان لەسەرە کە بە شێوەیەکی گەورە بینین و تێڕوانینەکانیان پێکدێنن (عبداللطیف 2014، 22).

## 3. ئاکاری پیشەی ڕۆژنامەنووس لە کەناڵەکان و ڕەنگدانەوەی لەسەر پەیامی میدیایی

ئەخلاقی ڕۆژنامەنووس کاریگەری و ڕەنگدانەوەی لەسەر ئەو پەیامانە هەیە کە ئاراستەی کومەڵگەی دەکات. دەکرێت پەیامەکە ببێتە هۆی گۆڕینی بیرۆکەی جەماوەر دەربارەی بابەتێک، یان کاریگەریەکی خراپ یان باشی هەبێت لەسەر جەماوەر، چونکە کاریگەری پەیام لەسەر جەماوەر بەپێی سیاسەت و بیروباوەڕی ڕۆژنامەنووس و ئەو کەناڵەی کاری تیادا دەکات دەگۆڕێت. هەندێکجار ڕۆژنامەنووس لە کاتی گەیاندنی پەیامەکان، ڕەوشتی پیشەیی و بابەتیبوون و بێلایەنی لەپەیامەکانی پشتگوێ دەخات، بەڵکو زیاتر پشت بە چۆنیەتی سەرنج ڕاکێشان و کۆکردنەوەی جەماوەر دەبەستێت. بۆیە پێویستە پێش ئامادەکردنی هەر پەیامێکی میدیایی ڕۆژنامەنووس بیر لەو کێشانە بکاتەوە کە دوای بڵاوکردنەوە ئەو پەیامە دروست دەبێت، لێرەدا پێویستە ڕۆژنامەنووس بەبێ جیاوازی ڕەچاوی یاسا و ڕێسا دەستوورەکانی پیشەی ڕاگەیاندن بکات. هەروەها یەکێک لەو بنەمایانەی کە ڕۆژنامەنووس پێویستە لەبەرچاوی بگرێت بەرپرسیاریەتی و پابەندبوونە بە متمانە و بابەتی و بێلایەنی، هەروەها پاراستنی مافەکانی ئەوانی تر و نەبەزاندنی سنوور (عبدالله 2019، 101).

هەر کۆمەڵگایەک ڕەسەنایەتی و کەلتوور و ڕەوشتی خۆی هەیە و هەر پیشەیەک ڕەوشت و ئاکاری خۆی هەیە، پیشەی ڕۆژنامەنووسی لەپێشەوەی ئەو پیشانەدایە کە وێنەی کۆمەڵگە بە ئەزموون و کێشە و دیاردەکانیەوە تیایدا ڕەنگ دەداتەوە. ڕۆژنامەنووس نابێت لە بنەما و بەها چەسپاوەکانی کۆمەڵگەکەی تێپەڕێت. بەڵکو دەبێت بە شێوەیەک کار بکات کە پەیامەکانی وەڵام دەرەوەی پێداویستی و ئاواتەکانی تاکەکانی کۆمەڵگەکەی بێت، دەرفەتیان پێبدات کە دیدێکی ڕوونتریان بۆ واقیعی خۆیان هەبێت، چونکە ئەخلاقی کاری ڕۆژنامەنووس بێ سوود دەبێت گەئەر پەیامەکان وەکو خۆی و بە بێلایەنی نەگوازێتەوە و بابەتەکانی ڕەنگدانەوەی ڕاستی کۆمەڵگەکەی نەبێت. گومان لەوەدا نییە کە پیشەی ڕۆژنامەنووسی جیاوازترە لە پیشەکانی تر چونکە پەیامێکە پێش ئەوەی پیشە بێت. ڕۆڵەکەی تەنیا پشت نابەستێت بە ئەدای کارکردنێکی کۆمەڵایەتی یان ڕاهێنانی خولیای پەروەردەیی، بەڵکو زۆر زیاتر و زۆر گرنگە، لە ڕووی کاریگەری لەسەر تاک و گەشەکردنی هۆشیاری و بەشداری کردنی لە بنیاتنانی کۆمەڵگە، لە ڕێگەی ئەو پەیامانەی کە ئاراستەی کۆمەڵگەکەی دەکات (طبابي 2021).

ڕەوشتی پیشەی ڕۆژنامەنووسی تایبەتمەندیەکی زۆر و گەورەی هەیە جیاواز لە پیشەکانی تر چونکە لە هەموو ئاستەکاندا پەیامەکانی ئاراستەی مێشک دەکات، بەمەش کاریگەری لەسەر مێشکی جەماوەر دەبێت. یەکێک لە سەرچاوەکانی ڕەوشت کۆمەڵگەیە، چونکە سەرچاوەی سەرەکیە کە ڕۆژنامەنووس ڕەوشتی پیشەیی خۆی لێ وەردەگرێت. بۆ ئەوەی ڕۆژنامەنووس پەیامە ڕۆژنامەوانییەکەی کاریگەری دروست بکات، پەیامەکە دەبێت ڕەنگدانەوەی هەست و کێشە و نیگەرانییەکانی جەماوەر بێت، نەک ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕەکانی ڕۆژنامەنووسەکە. بەڵکو دەبێت بابەتیبوون و بێلایەنی لە پەیامی ڕۆژنامەنووسەکە ڕەنگبداتەوە تاوەکو کاریگەری نەرێنی لەسەر جەماوەر دروست نەکات. هەمیشە پێشکەشکردنی پەیامەکەی بە شێوەیەکی بابەتییانە و شەفافانە بێت و لە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکان دابێت (مهدي 2006، 210).

## بەشی چوارەم: پراکتیکنامەی توێژینەوەکە

## یەکەم: خستنەرووی داتا و زانیارییەکانی توێژینەوەکە

لەم توێژینەوەیەدا ، توێژەر بەمەبەستی وردبوونەوە، سامپڵێک لە ڕۆژنامەنووسانی نێو کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان وەرگرتووە، دوای گەڕانەوەی فۆرمەکان، توێژەر کرداری بەتاڵکردنی بۆ زانیارییە بەدەستهاتووەکانی ناو فۆرمەکە ئەنجام دا، پێکهاتوون لە چەندین خشتە، لە خوارەوە زانیارییەکان لە شێوەی خشتەبەند پۆلێن و ڕێکخراون ڕوونکراونەتەوە.

خشتەی (1): ڕەگەزی نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە:

| ڕەگەز | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نێر | 128 | 64.00% |
| مێ | 72 | 36.00% |
| کۆی گشتی | 200 | 100% |

لە خشتەی ژمارە (1) ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە زۆربەی نموونەی توێژینەوەکە لە ڕەگەزی نێرن، کە بە ڕێژەی (64%) لە پلەی یەکەمدایە. ڕەگەزی مێ بە ڕێژەی (36%) لە پلەی دووەمدایە. ڕێژەی بەشداربوانی ڕۆژنامەنووسی نێر زیاترە لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بە بەراورد بە ڕۆژنامەنووسی مێ، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان زیاتر لەلایەن ڕەگەزی نێرەوە بەڕێوەدەبردرێت و زەمینەی گونجاو بۆ ڕەگەزی مێ نەڕەخساوە تاوەکو بەشدارین لە بەڕێوەبردنی کەناڵەکان، هەرچەندە لەئێستادا بە بەراورد بە ساڵانی پێشتر ژمارەی ئافرەتانی ڕۆژنامەنوس زیادی کردووە، بەڵام ژمارەیان وەک پێویست نییە. ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئاستەنگانەی کە دێنە سەر ڕێی ئەو ئافرەتانەی کە لە کەناڵەکان و دەزگا ڕاگەیاندنەکان کاردەکەن.

خشتەی (2): تەمەنی نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە :

| تەمەن | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| 18- 24 | 27 | 13.50% |
| 25-31 | 40 | 20.00% |
| 32-38 | 67 | 33.50% |
| 39-45 | 48 | 24.00% |
| زیاتر لە 46 | 18 | 9.00% |
| کۆی گشتی | 200 | 100% |

لە میانی خشتەی ژمارە (2 )دا، دابەشبوونی بەرتوێژینەوەکان بە گوێرەی تەمەن دەردەکەوێت، لە خشتەکەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە لە چوارچێوەی تەمەنی نێوان (32 – 38) ساڵیدان، کە ڕێژەکەیان گەیشتووەتە لە (33.50%) لە ڕیزبەندیی یەکەمدایە، بە دوای ئەویشدا تەمەنی نێوان (39 – 45) ساڵی دێت، کە لە ڕیزبەندی دووەمدایە، ئەمەش ڕێژەی بەشداربوون تیایدا لە (24%) بوو، ئینجا ڕیزبەندی سێیەم دێت، ئەوانە دەگرێتەوە، کە تەمەنیان لە نێوان (25 – 31) ساڵیدایە، کە ڕێژەیان لە (20%)ـە، لە ڕیزبەندی دواهەمینیشدا دوو قۆناغی تەمەن دەگرێتەوە (18 – 24) ساڵ و (46 ساڵ و سەرووتر)، کە ڕێژەیان بە دوای یەکدا لە نێوان (9%) و (13.50%)دایە، ئەمەش ئەوە بەدەردەخات، کە زۆرینەی ڕۆژنامەنووسان گەنج و پێگەیشتوون لە ڕووی تەمەنەوە، ئەمەش بە شێوەیەکی ئەرێنیی ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕایەکان و وەڵامدانەوەکان و جۆری ئەنجامەکان دەبێت، کە تا چەند ڕاستگۆن، بۆ ئەوەی پشتیان پێ ببەسترێت و تاوەکو ئەندازەیەکیش وەربگیرێن

خشتەی (3): ئاستی خوێندنی نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە:

| ئاستی خوێندن | دووبارە | % |
|---|---|---|
| سەرەتایی | 5 | 2.50% |
| ئامادەیی | 25 | 12.50% |
| دبلۆم | 68 | 34.00% |
| بەکالۆریۆس | 72 | 36.00% |
| دبلۆمی باڵا | 11 | 5.50% |
| ماستەر | 12 | 6.00% |
| دکتۆرا | 7 | 3.50% |
| کۆی گشتی | 200 | 100% |

خشتەی ژمارە(3) دابەشبوونی تاکەکانی بەرتوێژینەوەکانی ڕۆژنامەنووسان یاخود میدیاکاران دەنوێنێت، بە گوێرەی ئاستی خوێندن، بەو پێیەش دەردەکەوێت زۆرینەی هەرە زۆریان هەڵگری بڕوانامەی (بەکالۆریۆس)ن، کە لە ڕووی ڕێژەی بەشداریکردنەوەش، لە ڕیزبەندی یەکەمدان، بە ڕێژەی لە (36%)، دوای ئەوانیش هەڵگرانی بڕوانامەی (دیپلۆم) دێت، لە ڕیزبەندی دووەمدان بە ڕێژەی لە (34 %)، هەرچی هەڵگرانی بڕوانامەکانی دیکەیە، ڕێژەی بەشداربوونیان یەکجار کەمە، بەم پێیە لەو زانیارییانەی پێشووتر و پێوەندار بە دابەشبوونی ڕۆژنامەنووسان و میدیاکاران، بە گوێرەی ئاستی خوێندن ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە زۆرینەی ڕۆژنامەنووسان و میدیاکاران هەڵگری بڕوانامەی (بەکالۆریۆس) و (دیپلۆم)ن، ڕێژەی بەشداربوونیان لە (70%)یە، ئەمەش وا دەکات تێگەیشتنیان بۆ بابەتی توێژینەوەکە پتر بێت و، ڕەنگدانەوەی هەبێت لەسەر جۆری ئەو زانیارییانەی، کە لەو دوو لایەنەوە دەدرێت، دواتریش جۆری ئەنجامەکانی توێژنەوەکە، دەتوانرێت پشتیان پێ ببەسترێت، یاخود وەربگیرێن.

خشتەی (4) دابەشبوونی تاکەکانی بەرتوێژینەوەکە بەگوێرەی ساڵانی ئەزموون و شارەزایی

| ئەزموونی کارکردن لە بواری میدیا | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| <5 | 69 | 34.50% |
| 5-10 | 55 | 27.50% |
| 11-16 | 49 | 24.50% |
| 17-22 | 19 | 9.50% |
| زیاتر لە 23 | 8 | 4.00% |
| کۆی گشتی | 200 | 100% |

خشتەی ژمارە (4) ، دابەشبوونی تاکەکانی بەرتوێژینەوەکە، بە گوێرەی ساڵانی ئەزموون و شارەزایی میدیاکاران لە بواری میدیادا ڕوون دەکاتەوە، توێژینەوەکە ئەوە بەدەردەخات، کە زۆرینەی ڕۆژنامەنووسان یاخود میدیاکاران، ئەزموونی کارکردنیان لە بواری ڕاگەیاندندا، کەمتر لە پێنج ساڵە، ڕێژەی ئەوانەی بەشداربوون لە ڕاپرسییەکەدا (34.50%)یە، ئەوەش لە ڕیزبەندی یەکەمدایە، لە ڕووی بەشداربوونەوە، ئەو ڕۆژنامەنووسە یاخود میدیاکارانەی لە ڕیزبەندی دووەمدا دێن، کە شارەزایی و ئەزموونی ساڵانی کارکردنیان لە نێوان (6-10) ساڵدایە، واتە بە ڕێژەی (27.50%) ، دواتر ڕیزبەندی سێیەمی ئەم میدیاکارانەی ئەزموونی کارکردنیان لە نێوان (11-16) ساڵدایە، بە ڕێژەی (24.50%)یە. سەبارەت بەو دوو گرووپەی دیکەش، کە ماوەتەوە ڕێژەکانیان یەکجار کەمە، لەم زانیارییانەی کە ئاماژەیان پێدرا، بۆمان

خشتەی (5) :  ئاستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووسان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا

| پرسیارەکان | دووبارەبوونەوە | بەتەواوی هاوڕام | هاوڕام | بێلایەن | هاوڕانیم | بەتەواوی هاوڕانیم | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی | ڕێژەی هاوڕابوون |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 | | | |
| X1.1 | دووبارە | 17 | 94 | 8 | 57 | 24 | 2.89 | 1.25 | 57.70% |
| | % | 8.50% | 47.00% | 4.00% | 28.50% | 12.00% | | | |
| X1.2 | دووبارە | 23 | 95 | 11 | 53 | 18 | 2.74 | 1.22 | 54.80% |
| | % | 11.50% | 47.50% | 5.50% | 26.50% | 9.00% | | | |
| X1.3 | دووبارە | 4 | 46 | 13 | 96 | 41 | 3.62 | 1.11 | 72.40% |
| | % | 2.00% | 23.00% | 6.50% | 48.00% | 20.50% | | | |
| X1.4 | دووبارە | 11 | 69 | 20 | 78 | 22 | 3.16 | 1.17 | 63.10% |
| | % | 5.50% | 34.50% | 10.00% | 39.00% | 11.00% | | | |
| X1.5 | دووبارە | 3 | 17 | 6 | 100 | 74 | 4.13 | 0.93 | 82.50% |
| | % | 1.50% | 8.50% | 3.00% | 50.00% | 37.00% | | | |
| X1.6 | دووبارە | 4 | 34 | 9 | 108 | 45 | 3.78 | 1.04 | 75.60% |
| | % | 2.00% | 17.00% | 4.50% | 54.00% | 22.50% | | | |
| X1.7 | دووبارە | 16 | 92 | 20 | 59 | 13 | 2.81 | 1.14 | 56.10% |
| | % | 8.00% | 46.00% | 10.00% | 29.50% | 6.50% | | | |
| X1.8 | دووبارە | 5 | 43 | 9 | 66 | 77 | 3.84 | 1.22 | 76.70% |
| | % | 2.50% | 21.50% | 4.50% | 33.00% | 38.50% | | | |
| X1.9 | دووبارە | 25 | 88 | 12 | 57 | 18 | 2.78 | 1.22 | 50.55% |
| | % | 12.50% | 44.00% | 6.00% | 28.50% | 9.00% | | | |
| X1.10 | دووبارە | 20 | 82 | 12 | 69 | 17 | 2.91 | 1.22 | 58.10% |
| | % | 10.00% | 41.00% | 6.00% | 34.50% | 8.50% | | | |
| X1.11 | دووبارە | 8 | 41 | 15 | 97 | 39 | 3.59 | 1.14 | 71.80% |
| | % | 4.00% | 20.50% | 7.50% | 48.50% | 19.50% | | | |
| X1.12 | دووبارە | 4 | 37 | 13 | 107 | 39 | 3.70 | 1.05 | 56.30% |
| | % | 2.00% | 18.50% | 6.50% | 53.50% | 19.50% | | | |
| X1 | دووبارە | 140 | 738 | 148 | 947 | 427 | 3.33 | 0.45 | 66.53% |
| | % | 16.42% | 28.46% | 8.81% | 32.04% | 14.27% | | | |
| کۆی گشتی | | 36.58% | | | 57.25% | | | | |

دەردەکەوێت، کە زۆرینەی ئەو ڕۆژنامەنووسە یاخود میدیاکارانەی لەم ڕاپرسییەدا بەشداربوون، ئەوا ئەزموونی کارکردنیان لە نێوان ساڵێك تاوەکوو پێنج ساڵە، ئەمەش بە ئەزموونێکی کەم دێتەناسین، بەڵام لە لایەکی دیکەوە ئەم گرووپە، بە یەکێک لە گرووپە میدیاکارە گەنجەکان و دەرچووانی نوێ لەم بوارەدا دادەنرێت، دەتوانن پتر سوود لە ئامرازە نوێیەکانی میدیا وەربگرن، بە بەراورد بەو گرووپانەی، کە ئەزموونێکی زۆریان هەیە، بەڵام تاوەکوو ئەندازەیەك توانای پێوەندگیریی کۆمەڵایەتی و بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیای نوێ و ئامرازەکانی ڕاگەیاندنیان نییە. لە لایەکی دیکەوە دەکرێت بڵێین، کە زۆرینەی ڕۆژنامەنووسان یاخود میدیاکاران خاوەنی زانیارییەکی باشن، کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر داتاکان دەبێت، هەر بۆیە کاریگەریی ئەرێنیی لەسەر جۆری ئەنجامەکان لێ دەکەوێتەوە، بەو پێیەی گەنجن، بە واتایەکی دیکە، ئەم گرووپە بە چالاک و کارا و زیندوویەتیی دێتە ناسین، بەو پێیەی شارەزاییەکی باشیان لەبارەی تەکنۆلۆجیای نوێ هەیە، بە بەراورد لەگەڵ ڕۆژنامەنووس و میدیاکارانی دیکەدا، کە هەرچەندە ئەزموون و ساڵانی کارکردنیشیان لە بواری میدیادا زیاترە.

**خشتەی (5): ئاستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووسان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا:**

ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (5) ئاماژە بە دابەشبوونی دووبارەبووەکان، ناوەندیی ژمێرەیی و لادانی پێوەری دەکەن، بۆ وەڵامدانەوەکان لە هەمبەر دەستەواژەکانی (x1.1-x1.12)، بە تایبەت لەبارەی وەسفکردنی بیروبۆچوونی بەرتوێژان لە هەمبەر تەوەری ئاستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووسان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا، کە بە لای هاوڕابوون دادەشکێنێتەوە، ڕێژەکان بە گوێرەی نیشانە گشتییەکان ئاماژە بەوە دەدەن، کە لە (57.25%) لە بەرتوێژان هاوڕان لەبارەی ئەوەی ئەم دەستەواژانە دەیانگرنەخۆ، لە هەمبەردا ڕێژەی لە (36.58%) هاوڕا نین، لەگەڵ ناوەڕۆکی دەستەواژەکانی ئەم ڕەهەندەدا، بە واتایەکی دیکە ڕۆژنامەنووسان بەرپرساریەتیان هەیە، لە بەرامبەر کۆمەڵگەدا، ڕێژەی هاوڕابوون لەبارەی ڕەهەندی ناوبراوەوە گەیشتووەتە لە (66.53%)، کە لە ڕێگەی ناوەندیی ژمێرەیی (3.33) و لادانیی پێوەری (0.45) بەدەستهاتووە، ئەمەش ئەنجامێکی سەرەتایی دەنوێنێت، لەبارەی فەراهەمبوونی نیشانەکانی ئاستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتیی ڕۆژنامەنووسان یاخود میدیاکاران لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا، بە گوێرەی دەستەواژەکانی ڕەهەندی ناوبراویش، وەکوو نیشانەیەکی هەندەکییانە، دەبینین بەرزترین ڕێژەی هاوڕابوون بۆ دەستەواژەی (x1.5)ـە، کە گەیشتووەتە لە (85.50%)، بە ناوەندیی ژمێرەیی و لادانیی پێوەریش بڕەکەیان بە دوای یەکدا (4.13) و (0.93)یە، ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات، کە هەندێك ڕۆژنامەنووسان هەواڵەکان زۆر قەبە و گەورە دەکەن و زێدەڕۆیی لە داڕشتنی هەواڵەکاندا دەکەن، بە واتایەکی دیکە بابەتە هەواڵییەکان لە قەبارەی ڕاستەقینە و دروستی خۆی زیاتر پیشان دەدەن و دەخەنەڕوو، واتە لێرەدا زێدەڕۆیی دەکرێت، لە گێڕانەوە و نووسینی بابەتە هەواڵییەکاندا، لە کاتێکدا کەمترین ڕێژەی هاوڕابوون (ناهاوڕابوون) لەسەر ئاستی دەستەواژەکان، بۆ دەستەواژەی (x1.2)ـە، کە گەیشتووەتە (54.80%)، بە ناوەندیی ژمێرەیی و لادانیی پێوەرییەوە، کە بڕەکەیان بە دوای یەکدا  (2.74) و (1.22)ـە، ئاماژە بە سامپڵی توێژینەوەکە دەدات، کە ڕۆژنامەنووسان ناهاوڕان، لەبارەی بێلایەنبوون لە کاتی گواستنەوەی هەواڵەکان بۆ جەماوەر، بە واتایەکی دیکە ڕۆژنامەنووسان یاخود میدیاکاران لایەندارن لە گواستنەوەی هەواڵەکاندا.

**خشتەی (6): وەسفکردنی تەوەری هۆکارەکانی کەمی ڕەچاونەکردنی بەرپرسیارییەتی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووسان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا:**

ئەنجامەكانی خشتەی ژمارە (6) ئاماژە بە دابەشبوونی دووبارەبووەكان و ناوەندیی ژمێرەیی و لادانی پێوەری دەدات، بۆ پرس و بابەتەكان، لە هەمبەر دەستەواژەكانی (x3.1 - x3.19)دا، كە تایبەتە بە وەسفكردنی بیروبۆچوونی بەرتوێژان لە هەمبەر تەوەری هۆیەكانی بایەخنەدان بە بەرپرسیاریەتی كۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووسان لە كەناڵە تەلەڤیزیۆنە كوردییەكاندا، كە بە لای هاوڕابوون دەشكێتەوە، لەوەشەوە ئەمە هەڵدەهێنجرێت استنباط، كە لێرەدا بە گوێرەی بیروبۆچوونی بەرتوێژانەوە، هاوڕابوونێكی باش هەیە، كەوا چەندان هۆكاری جۆراوجۆر هەن، كە خۆی لە دەستەواژەكانی تەوەری ناوبراوەوە دەنوێنێت و بەرجەستە دەكات، ئەمەش وا لە ڕۆژنامەنووس دەكات، پابەند نەبێت بە بەرپرسیاریەتی كۆمەڵایەتییەوە، هەر بۆیە ڕێژەكان و بە گوێرەی نیشانە گشتییەكان ئاماژە بەوە دەكەن، كەوا لە (%79.82) لە بەرتوێژان، هاوڕان لەسەر ئەوەی ئەم دەستەواژانە دەیانگرنەخۆ، لە هەمبەریشدا لە (%14.34) هاوڕا نین، لەگەڵ ناوەڕۆكی دەستەواژەكانی ئەم تەوەرەدا، ڕێژەی هاوڕابوون لەسەر بڕگەكانی تەوەری ناوبراو لە (%77.99)یە، ئەمەش لە ڕێگەی ناوەندیی ژمێرەیی (3.90) و لادانی پێوەری (0.53)وە هاتووە، بە گوێرەی دەستەواژەكانی تەوەری ناوبراویش، وەك نیشانەیەكی هەندەكی، دەبینین بەرزترین هاوڕابوون بۆ دەستەواژەی (x3.1)ە، كە گەیشتووەتە لە (%88.70)، بە ناوەندیی ژمێرەیی و لادانی پێوەری، كە بڕەكانیان بە دوای یەكدا (4.44) و (0.75)ـە، هەر بۆیە ئاماژە بەوە دەدات، كەوا ناكۆكی سیاسی و زاڵكردنی بەرژەوەندییە تاكەكەسی و حزبییەكان، بریتین لە گرنگترین ئەو هۆكارانەی كە وا دەكەن، ڕۆژنامەنووس پابەند نەبێت، بە بەرپرسیاریەتی كۆمەڵایەتییەوە. لەبەرئەوەی كەناڵە كوردیەكان سەرچاوەی دارایییان لەلایەن كەسایەتییەكی سیاسییەوە یاخود لایەنێكی سیاسییەوە بەڕێوەدەبردرێن، بۆیە هەندێكجار پەیامەكان بەگوێرەی بەرژەوەندی خۆیان دادەڕێژن، ئەمەش وا لە ڕۆژنامەنووس دەكات ڕەچاوی بەرپرسیاریەتی كۆمەڵایەتی بە پێی پێویست نەكات. لە كاتێكدا كەمترین ڕێژە لەسەر ئاستی دەستەواژەكانەوە، بۆ دەستەواژەی (x3.10)یە، كە گەیشتووەتە لە (%64.40)، بە هۆی ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەرییەوە، كە بڕەكانیان بە دوای یەكدا (3.22) و (1.35)ـە، ئاماژە بەوە دەدات، كە لاوازی ڕۆژنامەنووسان لە بەرامبەر فشارە ماددی و سیاسی و ئەمنییەكان، بە هۆكارێكی دیكە دێتە ناسین، كە بایەخی كەمتر نییە، بە بەراورد لەگەڵ هۆكارەكانی دیكەدا، كەوا لە بڕگەكانی تەوەری ناوبراودا، گوزارشتیان لەبارەوە دەكات، ئەمەش دەبێتە مایەی پابەندنەبوونی ڕۆژنامەنووس بە بەرپرسیارێتیی كۆمەڵایەتییەوە، هەروەكوو لە خشتەی ژمارە (11) ڕوون كراوەتەوە، ڕێكخستنی بڕگەكانی تەوەری پێوەندار دەنوێنێت، بە گوێرەی ڕێژەی هاوڕابوون و بیروبۆچوونی بەرتوێژانەوە.

خشتەی ژمارە (6): وەسفکردنی تەوەری هۆکارەکانی کەمی ڕەچاونەکردنی بەرپرسیارییەتی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووسان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا

| پرسیارەکان | # | بەتەواوی هاوڕانیم | هاوڕانیم | بێلایەن | هاوڕام | بەتەواوی هاوڕام | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی | ڕێژەی هاوڕابوون |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 | | | |
| X3.1 | دووبارە | 1 | 4 | 14 | 69 | 112 | 4.44 | 0.75 | 88.70% |
| | % | 0.50% | 2.00% | 7.00% | 34.50% | 56.00% | | | |
| X3.2 | دووبارە | 0 | 11 | 14 | 124 | 51 | 4.08 | 0.74 | 81.50% |
| | % | 0.00% | 5.50% | 7.00% | 62.00% | 25.50% | | | |
| X3.3 | دووبارە | 0 | 12 | 9 | 126 | 53 | 4.10 | 0.74 | 82.00% |
| | % | 0.00% | 6.00% | 4.50% | 63.00% | 26.50% | | | |
| X3.4 | دووبارە | 0 | 24 | 15 | 122 | 39 | 3.88 | 0.86 | 77.60% |
| | % | 0.00% | 12.00% | 7.50% | 61.00% | 19.50% | | | |
| X3.5 | دووبارە | 1 | 24 | 13 | 121 | 41 | 3.89 | 0.89 | 77.70% |
| | % | 0.50% | 12.00% | 6.50% | 60.50% | 20.50% | | | |
| X3.6 | دووبارە | 0 | 22 | 11 | 118 | 49 | 3.97 | 0.86 | 79.40% |
| | % | 0.00% | 11.00% | 5.50% | 59.00% | 24.50% | | | |
| X3.7 | دووبارە | 2 | 15 | 17 | 116 | 50 | 3.99 | 0.85 | 79.70% |
| | % | 1.00% | 7.50% | 8.50% | 58.00% | 25.00% | | | |
| X3.8 | دووبارە | 7 | 49 | 8 | 106 | 30 | 3.52 | 1.12 | 70.30% |
| | % | 3.50% | 24.50% | 4.00% | 53.00% | 15.00% | | | |
| X3.9 | دووبارە | 3 | 17 | 18 | 132 | 30 | 3.85 | 0.83 | 76.90% |
| | % | 1.50% | 8.50% | 9.00% | 66.00% | 15.00% | | | |
| X3.10 | دووبارە | 26 | 51 | 10 | 79 | 34 | 3.22 | 1.35 | 64.40% |
| | % | 13.00% | 25.50% | 5.00% | 39.50% | 17.00% | | | |
| X3.11 | دووبارە | 15 | 52 | 9 | 94 | 30 | 3.36 | 1.23 | 67.20% |
| | % | 7.50% | 26.00% | 4.50% | 47.00% | 15.00% | | | |
| X3.12 | دووبارە | 1 | 14 | 8 | 82 | 95 | 4.28 | 0.87 | 85.60% |
| | % | 0.50% | 7.00% | 4.00% | 41.00% | 47.50% | | | |
| X3.13 | دووبارە | 9 | 31 | 11 | 95 | 54 | 3.77 | 1.14 | 75.40% |
| | % | 4.50% | 15.50% | 5.50% | 47.50% | 27.00% | | | |
| X3.14 | دووبارە | 14 | 58 | 13 | 70 | 45 | 3.37 | 1.30 | 67.40% |
| | % | 7.00% | 29.00% | 6.50% | 35.00% | 22.50% | | | |
| X3.15 | دووبارە | 3 | 28 | 10 | 121 | 38 | 3.82 | 0.95 | 76.30% |
| | % | 1.50% | 14.00% | 5.00% | 60.50% | 19.00% | | | |
| X3.16 | دووبارە | 2 | 8 | 9 | 107 | 74 | 4.22 | 0.79 | 84.30% |
| | % | 1.00% | 4.00% | 4.50% | 53.50% | 37.00% | | | |
| X3.17 | دووبارە | 0 | 14 | 9 | 92 | 85 | 4.24 | 0.83 | 84.80% |
| | % | 0.00% | 7.00% | 4.50% | 46.00% | 42.50% | | | |
| X3.18 | دووبارە | 1 | 11 | 12 | 123 | 53 | 4.08 | 0.77 | 81.60% |
| | % | 0.50% | 5.50% | 6.00% | 61.50% | 26.50% | | | |
| X3.19 | دووبارە | 2 | 13 | 12 | 118 | 55 | 4.06 | 0.83 | 81.10% |
| | % | 1.00% | 6.50% | 6.00% | 59.00% | 27.50% | | | |
| X3 | دووبارە | 87 | 458 | 222 | 2015 | 1018 | 3.90 | 0.53 | 77.99% |
| | % | 2.29% | 12.05% | 5.84% | 53.03% | 26.79% | | | |
| معدل | | 14.34% | | | 79.82% | | | | |

### گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتیە لە:

1. ڕەچاوکردنی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لەلایەن ڕۆژنامەنووسانەوە ڕێژەییە، واتە بەشێک لە ڕۆژنامەنووسان ڕەچاوی بنەمای بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی دەکەن لەکاتی ئاراستەکردنی پەیامە میدیاییەکان بۆ جەماوەر، لەهەمانکاتدا بەشێکیان بەرپرسیاریەتیەکەیان لە ئاستێکی لاوازدایە واتە وەک پێویست ڕەچاوی ئەم بنەمایە ناکەن، لەکاتی ئەنجامدانی پیشەکەیان، ئەمەش دەبێتە هۆی پشتگوێخستنی ئەم بنەما گرنگە.
2. زۆر هۆکار هەن بۆ لاوازی ڕەچاوکردنی بەرپرسیاریەتی لای ڕۆژنامەنووسان و کەناڵە ئاسمانییەکان، یەکێک لەو هۆکارانە بریتییە لەو بارودۆخە نالەبارە و ناکۆکیە سیاسیەی کە ئێستا هەرێمی کوردستانی گرتۆتەوە.
3. ڕۆژنامەنووسان پەیامەکانیان لە چوارچێوەی بەرژەوەندی و سیاسەتی ئەو کەناڵانە دادەڕێژن کە کاری تیادا دەکەن، ئەو کەناڵانەش زۆر جار سەر بە حزبێکن یان لایەنێکی دیاریکراون، بۆیە هەندێک جار ناتوانن بە تەواوەتی ڕەچاوی بەرپرسیاریەتی بکەن لە نووسین و گەیاندنی پەیامەکان، لەبەر ئەوە ئەو پەیامانەی ڕۆژنامەنووسان ئاراستەی جەماوەری دەکەن زۆر جار لایەنگیری ئەو کەناڵەی پێوە دیارە کە ڕۆژنامەنووسەکە کاری تیادا دەکات، هەندێک جاریش دەبێتە هۆی دروستکردنی پشێوی و ناسەقامگیری لە کۆمەڵگە.
4. بەشێک لە ڕۆژنامەنووسان بوونەتە هۆی کەمی متمانەی خەڵک بە پەیامی کەناڵە ئاسمانییەکان بەهۆی کەمتەرخەمیان لە ڕەچاوکردنی بەرپرسیاریەتی و گرنگی نەدانیان بە ناوەڕۆکە میدیاییەکان و کارکردن لەسەر سەرنج ڕاکێشان و کۆکردنەوەی زۆرترین جەماوەر.

## پێشنیار و ڕاسپاردە

لەژێر ڕۆشنایی دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە و بەمەبەستی گۆڕانکاری و باشترکردنی ڕەوشتی پیشەی ڕۆژنامەنووسان و باشترکردنی ئەدای کارکردنی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، هەروەها ڕەنگدانەوەی بنەمای بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لەلای ڕۆژنامەنووسان و دەزگا ڕاگەیاندنە کوردییەکان. دەکرێت ئەم چەند پێشنیار و ڕاسپاردەی خوارەوە بخەینەڕوو :

### پێشنیار

- لەلایەن کەسانی پسپۆڕ و ئەکادیمی توێژینەوەی تری زانستی و ئەکادیمی ئەنجام بدرێت، لەسەر ئاستی بەرپرسیاریەتی ڕۆژنامەنووسان و پلاتفۆرماکانی تری ڕاگەیاندن، بەمەبەستی زانینی ئاستی بەرپرسیاریەتی ڕۆژنامەنووسان و دەزگا ڕاگەیاندنە کوردییەکان و بەراودکردنیان بە ئێستا و ڕابردوو.

### ڕاسپاردە

- بەشەکانی ڕاگەیاندن لە زانکۆکانی کوردستان قوتابیان هان بدەن بۆ بوون بە ڕۆژنامەنووسێکی سەرکەوتوو و پرۆفیشناڵ و گرنگیدان بە بنەکانی

ئیتیکی پیشەی ڕۆژنامەنووسی و ڕەچاوکردنی بەرپرسیاریەتی کومەلایەتی لەکاتی کارکردنیان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن.

– دامەزراندنی دەزگایەکی تایبەت بە چاودێری کردنی ڕۆژنامەنووسان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەگشتی و بەبێ جیاوازی لە پێناو باشتر کردنی ئەدای کارکردنی ڕۆژنامەنووسان و دەزگا ڕاگەیاندنە کوردیەکان.

## سەرچاوەکان:

### نامەی ماستەرو دکتۆرا:


1. ئازاد عبدالعزیز محمد، 2022، ئاراستەکانی دەستەبژێری میدیایی سەبارەت بە ڕادەی پابەندبوونی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بە ئیتیکی پیشەیی لە هەرێمی کوردستاندا/ توێژینەوەیەکی شیکاری مەیدانییە، هەولێر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئاداب، بەشی ڕاگەیاندن. ل٨١
2. صفاء ارغش خوالده، 2021، المعايير المهنية والأخلاقية التي تحكم أداء الإعلاميين الأردنيين في غرف الأخبار - دراسة مسحية، عمان، الأردن، جامعة الشرق الأوسط، كلية الإعلام. لا 11- 12
3. السيد محمد حسن، 2012، دور برامج المشاركة الجماهيرية بالفضائيات في الدعم الحرية التعبير. القاهرة، جامعة القاهرة، كلية الاعلام، قسم الأزاعة والتلفزيون. لا ٧٣
4. غدير احمد العمري،2014 ، نظرية المسؤولية الاجتماعية، بحث مقدم الى جامعة الاسلامية- غزة، كلية الاعلام، قسم الصحافة.لا ١٢
5. عادل بن عاي الشمري، د ، 2014، تقدير القيادات الجامعية لدور الجامعة تجاه المسؤولية المجتمعية في الجامعات الحكومية في مدينة الرياض، المجلة السعودية للتعليم العالي، العدد الثاني عشر، المملكة العربية السعودية. لا99
6. جميل محمد قاسم، 2008، فعالية برنامج إرشادي لتنمية المسئولية الاجتماعية لدى طلاب المرحلة الثانوية، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية، قسم علم النفس، الجامعة الإسلامية، غزة. لا8
7. مها يوسف عبدالرحمن خصاونة، 2015، المسؤولية المدنية للصحفي عن الاعتداء على الحق في الصورة في القانون المدني الأردني، المجلد 12، العدد 2، الإمارات، جامعة الشارقة للعلوم الشرعية والقانونية. ص172
8. محمد جاسم فلحي الموسوي، 2006، نظريات الاتصال والإعلام الجماهيري، مقرر في الفصل الثاني- مرحلة الماجستير، كلية الآداب والتربية قسم الإعلام والاتصال،الأكاديمية العربية المفتوحة في الدنمارك. لا 3
9. صديق السيد البشير الخليفة، 2020، فاعلية اللغة الإخبارية في إقناع المتلقي بمحتوى الرسالة
10. الإعلامية، سودان، كلية علوم الإتصال، جامعة السودان للعلوم والتكنولوجيا. لا 88
11. إبراهيم يحياوي، 2018، القنوات الفضائية وثقافة الشباب، الطالب الجامعي الجزائري أنموذجا، الجزائر، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، جامعة محمد لمين دباغين. لا 53
12. على جبار،2010، الخطاب التليفزيونى الأمريكى الموجه إلى المشاهد العربى، تونس، اتحاد إذاعات الدول العربية، *مجلة الإذاعات العربية*، العدد الثانى. لا 17،39،
13. ابراهيم حمد المبرز، 2011، القنوات الفضائية وتأثيرها على منظومة القيم الاجتماعية لدى طلاب الثانوية العامة بمدينة الرياض، السعودية، قسم الإجتماع بكلية العلوم الإجتماعية، جامعة الإمام محمد بن سعود. لا 14
14. أيمن سعد عبدالله، 2019، أثر الرسالة الاعلامية على نسب الاشغال الفندقي في مصر أثناء الأزمات، مصر، المجلة الدولية للتراث والسياحة والضيافة، كلية السياحة والفنادق- جامعة الفيوم. لا 101
15. محمد عبود مهدي، 2006، اخلاقيات العمل الصحفي- المفهوم والممارسة، العراق، مجلة أهل البيت عليهم السلام، عدد3. لا 210


### سەرچاوە بەزمانی کوردی:


1. لەتیف حسێن، 2020، میدیا و بەرپرسیاریەتی کۆمەلایەتی،چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی کارۆ. ل40، ل41
2. جەلال فەرحی، 2009، چۆن لەبواری ڕاگەیاندندا سەرکەوتن بەدەست دەهێنیت؟، وەرگێرانی لوقمان غەفور، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕوون، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران. لا 21 و 52-35
3. هاوژین عومەر، 2012، ئیتیکی کاری ڕۆژنامەوانی، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی موکریانی. لا 97_ 98
4. مەغدید سەپان، 2020/3/13، بەرپرسیارێتی ڕۆژنامەنووس بەرامبەر بە کۆمەڵ، دواکاتی وەرگرتن 2022/3/10، بەرپرسیارێتی ڕۆژنامەنووس بەرامبەر بە کۆمەڵ(kurdistan24.net)


### سەرچاوە بە زمانی عەرەبی:


1. ليث بدر يوسف، زهراء حسين الحداد، 2017، المسؤولية الاجتماعية الصحافة الاكترونية: الاسس النظرية والتطبيقية، عمان، دار المجد للنشر والتوزيع . لا٤٥
2. ديبورا بوتر، 2006، دليل الصحافة المستقلة، مكتب برامج الإعلام الخرجي للنشر - وزارة الخارجية الأمريكية. لا 58
3. د.جبالة محمد، مقدم مختارية،2019، المسؤولية الاجتماعية: إشكالية المفهوم والخلفية المعرفية، الطبعة الاولى، المانيا-برلين، المركز الديمقراطي العربي. ص 9-8

4. نعمة عباس الخفاجي، طاهر محسن الغالبي ،2008، قراءات في الفكر الإداري المعاصر، دار اليازوري العلمية للنشر و التوزيع، عمان، الأردن،بدون رقم طبعة، ص :289

5. د. جميل صليبا، 2008، المعجم الفلسفي٢، بيروت، دار الكتاب اللبناني.P37

6. محمد منير حجاب،مدخل إلى الصحافة، ط7 ،القاهرة: دار الفجر للنشر والتوزيع،2010. P46

7. اسماعيل الثوابتة،2013 "المسئولية الاجتماعية في الأعلام الفلسطيني"، مقدمة ضمن فعاليات مؤتمر الأعلام الفلسطيني وتحديات المواجهة الذي نظمته وزارة الأعلام (غزة: وزارة الاعلام ،). p4.

8. سيد أحمد عثمان، التحليل الاخلاقي للمسئولية الاجتماعية، ط بدون، القاهرة: مكتبة الأنجلوالمصرية،2010. p43

9. د.عسام سلمان الموسى، 2014، المدخل في الاتصال الجماهيري، الناصرية، مكتبة الكناني للنشر والتوزيع. لا 86-87

10. صلاح حسن نوفل جابر، 2014، الرسالة الإعلامية وأثرها في مشروع الإصلاح الإسلامي، سودان، جامعة الجزيرة. لا 15

11. د.فضيل دليو، 2013، تاريخ وسائل الاعلام والاتصال،الطبعة الرابعة، الجزائر، دار الخلدونية للنشر والتوزيع. لا 13

12. منصور قدور بن عطية. 2016. الصحافي المحترف بين القانون والاعلام. 1. الجزائر: جسور للنشر والتوزيع. لا 168

13. سليم عبد النبي ، 2010، الإعلام التلفزيوني،طبعة الاولى، عمان، دار أسامة للنشر والتوزيع. لا 19

14. حمدي بشير، 2014، ظاهرة الإعلام الاجتماعي وأبعادها الاقتصادية والسياسية والأمنية في العالم العربي، أمواج للطباعة والنشر والتوزيع، عمان الأردن. لا 31

15. صلاح عبداللطيف، 2014، الصحافة المتخصصة. الدار الجامعية الاسكندرية: مصر. لا 22

16. سيرش فور كومون جراوند، 2014، دليل الصحافة المهنية في مناطق الصراع. https://www.sfcg.org/wp-content/uploads/2014/02/a-guide-for-professional-journalism-in-conflict-zones-arabic.pdf لا 17

17. أحمد طبابي، 2021/5/18، العمل الصحفي.. بين المهارة والأخلاقيات، دواكاتى وەرگـــــــــرتن 2022/3/14، https://www.bitlylinks.com/5RryEq7WU

**سەرچاوە بە زمانی ئنگلیزی:**

1. Denis. MCQUAIL, (2010), McQuail's Mass Communication Theory. London: 6th edition, SAGE Publication Ltd. 147

2. Deborah, Poter, 2006, Handbook of Independent Jornalism, USA, Bureau of International program, U.S. Department of State no place to publish. P9

3. B.K Ravi, 2012, Media and Social Responsibility: A Critical Perspective with special reference to Television, Academic Research International, Pakistan, Vol.2. p 30

4. Patrick U. Ineji, Ph.D, Eba Alobo Nkanu & Patricia Eyong Okoi, 2019, SOCIAL RESPONSIBILITY MEDIA THEORY AND ITS IMPLICATION FOR MEDIA PROFESSIONALISM IN NIGERIA, Journal of Media,Comunication And language, Nigeria, Cross River University of Technology. p 244- 246

5. Joseph Turow, 2011, Media Today: An Introduction to Mass Communication, 4th Edition, New York: Routledge. P 74

**Lana diyar hassan**
Department of Media Techniques, Erbil Technical Administrative College, Erbil Polytechnic University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Lana.mam20@epu.edu.iq

**A.P D. Saman Jalal Mawlood**
Department of Media, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Saman.mawlood@su.edu.krd

Abstract:
This research is entitled (Level of social responsibility of journalists in presenting media messages in Kurdish television channels). This study is of descriptive research type which is appropriate to the research methodology. In order to obtain accurate data and information, the researcher relied on survey method. The sample of this study is 200 journalists from Kurdish television channels, who were selected in a non-random manner. The main objective of this study is to find out the reasons why journalists do not adhere to social responsibility and to reveal their level of social responsibility in presenting media messages. The significance of this study is that it seeks to highlight the importance and consequences of social responsibility for journalists and broadcasters.

This study has reached several conclusions including:
Observance of social responsibility by journalists is relative, that is, some journalists observe the principle of social responsibility when directing media messages to the audience, At the same time, some of them have a weak level of responsibility, ie they do not properly observe this principle. In Kurdish society, due to the lack of awareness of some individuals and their desire to magnify the problems and deepen the negative aspects of issues, They have encouraged some journalists to neglect social responsibility.